

# جیهان ئیبراهیم خەیات: بێدەنگ نیم، بەڵام دەنگم ناگات

**سازدانی: ئاوێنەکان**



> بەمندالّی کە ناچار بکرامایە شەڕم دەکردو زۆر ئازاش بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرینۆک بووم، ئێستاش کاتێک تووڕە ببم، گریانم دێت

هونەرمەند جیهان ئیبراهیم خەیات، لەدیمانەیەکی ئاوێنەکاندا باوکی خوالێخۆشبووی بەیەکێک لەو هونەرمەندانە دادەنێت کە کاریگەری تەواوی هەبووە لەپێگەیاندنیدا، دوای باوکیشی کاریگەریو هاوکاری کۆمەڵێک هونەرمەندو موزیکژەنو تیپی موزیکی مەولەوی بەرز دەنرخێنێت.

لەرۆژی ڤالانتاینی ١٩٦٥و لەگەڕەکی ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی، جیهان لەبنەماڵەیەکی هونەریی لەدایکبووەو بەهۆی کاری سیاسی باوکییەوە چەند ساڵێک روویانکردۆتە شاری بەغدادو پاشان گەڕاونەتەوە بۆ شاری سلێمانی.

ئەم هونەرمەندە ژیانی مندالّی لەگەڕەکەکانی (سابونکەرانو سەرکارێز) بەسەر بردووەو قۆناغی سەرەتایی لەقوتابخانەی زێوەرو ئامادەیشی لەئامادەیی ئەزمڕ تەواو کردووە. دواتر لەخوێندن بەردەوام بووەو بەشی ژمێریاری کۆلێجی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی زانکۆو وەک هەموو گەنجەکانی دیکەی ئەو سەردەمەو تا کاتی ڕاپەڕین، چووە بۆ ژیانی سەربازی، پاشان لەساڵانی نەوەدەکانەوە لەگەڵ باوکیدا دەستیکردووە بەکاری خەیاتی.

جیهان لەکاتێکدا مندالّ بووە لەماڵەوە زۆر هار بووەو لەدەرەوەش بەپێچەوانەوە یەکێک بووە لەمندالّە فەقیرەکان، بەڵام لەقوتابخانەدا زۆر زیرەک نەبووەو زیاتر حەزی لەوانەکانی وەرزشو هونەر بووە، زۆربەی جاریش بەهۆی ئەو حەزەیەوە بەشداری لەپێشانگای قوتابخانەدا کردووە، کاتێک لەقوتابخانەشدا دەرکەوتووە کوڕی هونەرمەند ئیبراهیم خەیاتە، گۆرانییان پێوتووە، جگە لەو دوو حەزەی، ئارەزوویەکی زۆریشی هەبووە بۆ یاری تۆپی پێو سوار بوونی پاسکیل.

هەر بەهۆی ئەوەی لەدەرەوە کەسێکی فەقیر بووە زۆرجار لەلایەن کەسانی دیکەوە شەڕی پێفرۆشراوەو لەو رووەشەوە باسی چیرۆکێکی خۆی دەکات «خۆم شەڕانی نەبووم، بەڵام زۆرجار شەڕ یەخەی دەگرتم بەتایبەتی ئەو کاتەی لەگەڕەکی سابونکەرانەوە دەچوومە سەرکارێز، کۆمەڵێک کوڕ هەبوون رێگایان پێدەگرتم دەیانوت بۆ مۆڕە دەکەیت، منیش دەموت کوا مۆڕەم کردووە خۆم دەموچاوم وایە، تا بمتوانیایە حەزم لەشەڕ نەبوو، بەڵام کە ناچار بکرامایە شەڕم دەکردو زۆر ئازاش بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرینۆک بووم، ئێستاش کاتێک تووڕە ببم، گریانم دێت».

مەیلی کاری هونەرییو گۆرانی وتن لای جیهان، لەو دەمەوە دەستپێدەکات کە زۆر حەزی لەدەنگی باوکی بووەو سەرسام بووە پێیو پڕ بەدڵ گوێی لێگرتووە، هەروەها هونەرمەندانی کورد (عەلی مەردانو مەزهەری خالقیو ناسری رەزازی)، لەعەرەبیشدا (عەبدولحەلیم حافیز)و لەفارسیشدا (ستارو داریوشو گولّپا)و لەتورکیشدا (زەکی مۆرانی) کاریگەریی تەواویان هەبووە لەسەری. ئەمە جگە لەتیپی موزیکی مەولەویو چەند هاوڕێیەکی موزیکژەنی خۆشەویستی وەکو (هەردی کوردەو نەوزادی حاجی) کە ئێستا لەدەرەوەن، بەڵام هەمیشە هەوڵیداوە شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبێت لەگۆرانی وتندا.

لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا ئەم گۆرانیبێژە، یەکەمین گۆرانی بۆ درامایەکی تەلەفزیۆنی دەڵێت، دواتر لەسەرەتای نەوەدەکاندا بەگۆرانی (هەوری پایز) کە تێکستو ئاوازو دابەشکردنی موزیکی، (نەوزاد حاجی) بووە پێی دەناسرێت.

ناوبراو یەکێکە لەو کەسانەی کە تاڕادەیەک باوەڕی بە (چاوی پیس) هەیەو پێیوایە هەندێک کەس هەن ئەو سیفاتەیان تێدایە، بۆیە لەگۆرانیەکیداو لەیەکێک لەکۆپلەکاندا باسی چاوی پیسی کردووەو وتی «زۆرجار دایکیشم دەڵێت بەمندالّی زۆر جوان بوویت، نەمانوێراوە بتبەین بۆ هەموو شوێنێک».

بەو پێیەی جیهان لەخێزانێکی هونەریی پەروەردە کراوە، بۆیە زۆربەی کات سوود لەراو سەرنجی کەسانی ناو بنەماڵەکەیان وەردەگرێتو ئاماژە بەوەدەکات کە (گۆران)ی برای وەک موزیسیان زۆر هاوکاری کردووەو دەڵێت «ئێستاش کۆمەڵێک کاری نوێم بەدەستەوەیە کە گۆران بۆم ئامادە دەکات»، سەبارەت بەبێدەنگبوونیشی لەدوای ئەلبومی (یار) دەڵێت «بێدەنگ نیم، بەڵام دەنگم ناگات»، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی هونەریی تا مافەکانیان بپارێزێت، هەروەها رەخنەش لەوەزارەتی رۆشنبیری دەگرێت «دەبیستین کە وەزارەتی رۆشنبیری یارمەتی هەندێک هونەرمەندی داوە، بەڵام بۆچی ئەو یارمەتییانە بۆ هەموو هونەرمەندانو بەشێوەیەکی یەکسان نییە؟».

ناوبراو بەنیاز بووە لەم ماوەیەی پێشوودا کلیپ بۆ یەکێک لەگۆرانییەکانی بکاتو لەگەڵ هونەرمەند (زیرەک میرە)ی هاوسەری (کیژان)ی خوشکی بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆیان کردووەو ماوەی دوو مانگیش ریشی هێشتۆتەوە بۆ کلیپەکە، بەڵام بەهۆی رووخاندنی ئەو شوێنەی بەنیاز بوون کلیپەکەی تێدا بکەن، پرۆژەکەی هەڵوەشاوەتەوەو بەیەکجاریش وازیان لێهێناوە.

جیهان خەیات ئاشکرایکرد کە لەبەرنامەیاندایە لەئاییندەدا لەگەڵ (کیژان)ی خوشکی پێکەوە گۆرانییەک بڵێن، بەڵام لەم کاتەدا پرۆژەیەکی لەو شێوەیەیان لەخەیاڵدا نییە.

هەرچەندە ناوبراو لەژیانیدا تەنها جارێک خۆشەویستییەکی بێ ئەنجامی کردووە، بەڵام کاتێک تەمەنی بۆتە سیو نۆ ساڵ بڕیاریداوە ژیانی هاوسەریی لەگەڵ (لەنار) پێک بهێنێتو ئێستاش بوونەتە باوکو دایکی کوڕێک بەناوی (پارسا).

بەهۆی پیشەکەیەوە، جیهان خەیات چەند تووشی رووداوی هەڵە بووە، لەوانە جارێک قوماشیان بۆ بردووە بۆئەوەی بیکات بەپانتۆڵ، بەڵام کردوویەتی بەتەنورە، چەند جارێکیش جلوبەرگ دوای تەواو بوونی بەئوتو سووتاندوویەتی، بەڵام هەموو کاتەکان عەفویان کردووە.